## ژیاننامەی شەهید دکتۆر سادق شەرەفکەندی (بە بۆنەی چواردەهەمینساڵیادی کارەساتی میکۆنوس)

ئەم بابەتەی خوارەوە لە ماڵپەڕی Renesans وەرگیراوە، کە ئەوانیش لە ماڵپەڕی "مانشێت" یان وەرگرتوە.

هۆی گونجاندنی بابەتەکە لەم زنجیرە وتارەدا ئەوەیە کە تێیدا راگەیێنراوە شەهید دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی لە گوندی تەرەغەی بۆکان لە دایک بوە و لە بۆکان چۆتە قوتابخانە. ئەم راستیانە لە "چێشتی مجێور"ی مامۆستا هەژاریش دا پشت راست کراونەتەوە. بەهۆی دوور و درێژی و تێر و تەسەلی وتارەکەوە کورتم کردە وە. تەئریخی بڵاو بوونەوەی بابەتەکە، مانگی ٩ی ساڵی ٢٠٠٦ی زاێینیە.

ژیاننامەی شەهید دکتۆر سادق شەرەفکەندی (بە بۆنەی چواردەهەمین ساڵیادی کارەساتی میکۆنوس)

سادقی شەرەفکەندی ٢١ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی (١١ی ژانوییەی١٩٣٨ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا لە گوندی تەرەغەی بۆکان لە دایک بوو. لە تەمەنی منداڵی دا باوکی لەدەستداو سەرپەرستیەکەی، کەوتە سەرشانی براگەورەکەی، شاعیرو نیشتمانپەروەری گەورەی کوردستان خوالێخۆشبوو مامۆستا "هەژار"ی نەمر. سەردەمی منداڵیی محەممەد سادق، هاوکات بوو لەگەڵ پەرەئەستاندنی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانو دامەزراندنی کۆماری کوردستان. پۆلی یەکو دووی سەرەتایی لە بوکانو پاشان کە بنەماڵەکەی لە مەهاباد گیرساوە، خویندنی سەرەتاییو ناوەندی لەو شارەو ساڵی ئاخیری دەبیرستانی لە تەوریز تەواو کردولە "دانشسرای عالی"ی تاران لیسانسی شیمیی وەرگرت. بوو بە مامۆستای دەرسی شیمی و بە ئەرکی مامۆستایەتیەوەخەریکبوو. بە کەڵک وەرگرتن لە بورسی وەزارەتی علووم چوو بۆ فەرانسەو توانی دوکتورای شیمیی ئانالیز (شیمی تجزیە) لە زانستگای ژمارە ٦ی پاریس وەربگرێ. گەڕایەوە تارانو وەک "استادیار"ی شیمی لە زانستگای "تربیت معلم" درێژەی بە کاری مامۆستایەتی دا. لە پاریس لە رێگای مامۆستای مەزن دوکتور "عبدالرحمان قاسملو" وە لەگەڵ بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بووو داوای ئەندامەتییحیزبیدێموکراتیکوردستانیئێرانیکرد. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران بوو بە رابیتی نێوان دوکتور قاسملووو ئەندامانی کۆنی رێبەرایەتیی حیزب. دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتیو دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، بوو بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا بە ئەندامی

کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەرپرسایەتیی کومیتەی حیزب لە تارانی پێ ئەسپێردرا. لە هاوینی ساڵـی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی)دا بە ئەندامی دەفتەر سیاسیهەڵبژێردرا. لە یەکەم پلینومی دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژیردراو لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبەوە تا کاتی شەهیدبوونی (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ ریکەوتی١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢) ئەرکـو بەرپرسایەتیی "سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"ی بەڕێوەدەبرد.